# شێوازی دەستڕاگەیشتن بەچاودێریی تەندروستی لەسکۆتلەند

ئاپریلی 2011

Access to health care - Kurdish

HAPPY TO TRANSLATE

ئەم بڵاڤۆکەهەندێ زانیاریی سەبارەت بەشێوازی دەستڕاگەیشتن بەچاودێرییەکانی تەندروستی لەسکۆتلەند پێشکەش دەکات. لەم بڵاڤۆکەدا وەڵامی پرسیارەکان سەبارەت بەشێوازی وەرگرتنی چاودێریی تەندروستی لەکاتی داواکاریی بۆ پەنابەریەتی و پاش ئەوەدراوەتەوە.

**داخوا دەتوانم خزمەتگوزاریی چاودێریی تەندروستی لەسکۆتلەند وەرگرم؟**

- ئەرێ، لەسکۆتلەند بەشی زۆرینەی چاودێریی تەندروستی لەلایەن خزمەتگوزاریی تەندروستی نیشتمانی (National Health Service) (NHS) پێشکەش دەکرێت. هەموو ئەو کەسانەی کەبەشێوەی یاسایی لەسکۆتلەند دەژین، مافی وەرگرتنی زنجیرەیەک خزمەتگوزاریی چاوێریی تەندروستی NHS یان هەیە.
- ئەگەر پەناخواز یان پەنابەرێکن زۆربەی ئەم خزمەتگوزاریانە بەخۆڕایی پێشکەشتان دەکرێت.

**چۆن دەتوانم:**

**دەستم بگات بەچاودێریی تەندروستی لەشوێنی نیشتەجێ بوونی سەرەتاییدا (بەشێوەی ئاسایی 2-4 حەوتە)؟**

- ئەگەر کێشەی پزیشکی دەستبەجێتان هەیە، دەبێت پەیوەندی بکەن بەنووسینگەی خزمەتگوزاریی سەرەتایی سکۆتلەند (Scottish Induction Service) لەکاتی چاولێکردنەکانی دەرەوەی نۆرە لەکاتژمێر 9:30 ڕۆژانی دووشەممە تاکو هەینی.
- کاتێ دانیشتووی شوێنی نیشتەجێ بوونی سەرەتایین، بەشێوەی کاتیی دەکەونە بەر چاوەدێریی یەکێک لە پزیشکان لەناوەندی پزیشکی Fernbank. ناونیشانی ئەم ناوەندە ئەمەیە: 194 Fernbank Street, Springburn, Glasgow, G22 6BD
- ئێوەدەبێت لەرێگای نووسینگەی خزمەتگوزاریی سەرەتایی سکۆتلەندەوە(SIS) لەکاتی چاولێکردنەکانی دەرەوەی نۆرە لە کاتژمێر 9:30 ی ڕۆژانی دووشەممە تاکو هەینی، کاتێکی چاولێکردن بۆ خۆتان ڕێکخەن.

**پاش ئەوەی کە گوێزرامەوە بۆ نیشتەجێ بوونی درێژخایەن (نیشتەجێ بوونی بڵاو)، دەستم بگات بەچاودێریی چارەسەرکردن؟**

- پزیشکێکی خۆجێیی بۆ ئێوە دیاری دەکرێت
- کارتی ناونووسی پزیشک (Doctor Registration Card) دەبێت لەماوەی 48 کاتژمێر پاش گەیشتن بەناونیشانی نوێ بۆتان بنێردرێت. ئەگەر ئەم کارتەتان پێ نەگەیشت، دەبێت پەیوەندی بکەن بەمسۆگەرکاری نیشتەجێ کردنی خۆتانەوە.
- کارتی ناونووسی پزیشک بریتییە لە ناو، ناونیشان و ژمارەی پەیوەندی کردنی پزیشکی نوێی ئێوە.
- خاڵێ زۆر گرنگ ئەوەیە کە دەبێت هەر بەوەرگرتنی کارتی ناونووسی پزیشکی، لەبۆ تەواوکردنی ناونووسی خۆتان سەردانی نووسینگەی پزیشکی تەرخانکراو بکەن. تەنیا کاتێ خزمەتگوزاری تەندروستی لەبەردەستتاندا دەبێت کە ناونووسی خۆتانتان تەواو کردبێت.

**چۆن دەتوانم:**

**چاودێریی تەندروستیم لەبەردەستدا بێت، ئەگەر پەنابەریەتی یان مۆڵەتی نیشتەجێ بوونم وەرگرتبێت؟**

- ئەگەر داواکاریی پەنابەریەتی یان داواکاریی بۆ مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی ئێوەپەسەند کرا، ئێوەدەتوانن بەردەوام لە خزمەتگوزاریی چاودێریی تەندروستی بەخۆڕایی لەسکۆتلەند و نێو سنووری یەکیەتی پاشایەتی کەڵک وەرگرن. ئێوە هەروەها لەژێر چاوەدێریی پزیشکی ئێستاکەی خۆتاندا دەمێننەوە، مەگەر ئەوەی کەبتانەوێت شوێنی ژیانی خۆتان بگۆڕن. ئەگەر بۆ شوێنیکی تر گوێزاتانەوە، ئێوە دەتوانن بەسەردانی نووسینگەی پزیشکێکی خۆجێیی خۆتان لەژێر چاوەدێریی ئەودا ناونووسی بکەن.

**چاودێریی تەندروستیم لەبەردەستدا بێت، ئەگەر پەنابەریەتی یان مۆڵەتی نیشتەجێ بوونم وەرنەگرتبێت؟**

- ئەگەر سەبارەت بەپەسەند نەکردنی داواکاریی پەنابەریەتی خۆتان نارەزایەتیتان دەربڕیوە، دەتوانن تا کاتی بڕیاردانی سەرلە نوێ، هەروەها لەخزمەتگوزاریی چاودێریی تەندروستی کەڵک وەرگرن.
- ئەگەر داواکاریی پەنابەریەتی پەسەند نەکرا و هەروەها، داواکاریی پێداچوونەوەکاریگەر نەبوو و ئێوەهەروەها لەنێو سنووری یەکیەتی پاشایەتیدان، دەتوانن تا کاتی بوونتان لەسکۆتلەند لەخزمەتگوزاریی چاودێریی تەندروستی NHS کەڵک وەرگرن.

**لەهەلومەرجی فریاکەوتنی و ئورژانسیدا دەستم بگات بەچاودێریی تەندروستی/چارەسەریی؟**

- ئەگەر ئێوە یان یەکێ لە ئەندامانی خێزان بەتوندی نەخۆشن یان تووشیاری برینی توندن، دەبێت سەردانی کەرتی فریاگوزاریی و پێکدادانەکانی (A&E) لەنەخۆشخانەی شوێنی ژیانی خۆتان بکەن. ئەگەر ئامبولانس پێویست بوو بۆ گواستنەوەبۆ کەرتی فریاگوزاریی و پێکدادانەکان، دەبێت بەژمارەی **999** پەیوەندی بکەن. 999 ژمارە تەلەفۆنیکی فریاکەوتنی فەرمییە کە ئەو هەلەتان بۆ دەڕەخسێنێت لەکاتی پێویست بوونی یارمەتی دەستبەجێدا بەخزمەتگوزاریی فریاکەوتنەوە پەیوەندی بکەن؛ لەم ژمارە یەدەبێت تەنیا لەکاتی پێویستدا کەڵک وەرگیردرێت.
- کەرتی فریاگوزاریی و پێکدادانەکانی (Accident and Emergency) نەخۆشخانەکان لە 24 کاتژمێرەکەی شەوانەڕۆژدا 7 رۆژی حەوتە کراوەیە.
- بۆ سەردانی کەرتی فریاکەوتن و پێکدادانەکان پێویست ناکات لەپێشدا کات وەرگرن، بەڵام رەنگە ماوەیەکی زۆر بخایەنێت تاکو پزیشکێک یان پەرستارێک پێتان رابگات.

**ئەگەر لەژێر چاودێریی پزیشکێکدا ناونووسیم نەکردبێت، دەبێت چ بکەم؟**

ئەگەر هێشتاکو لەژێر چاودێریی پزیشکێکدا ناونووسیتان نەکردووە، دەبێت پەیوەندی بکەن بەمسۆگەرکاری خانووبەرەی خۆتان یان یەکێ لە رێکخراوەکانی پەنابەریەتی خۆجێییەوە تاکو ئەوان وێرای پێشکەش کردنی راوێژکاریی بۆ ئێوە، شێوازی ناونووسی لەو ناوچەیەشدا بۆتان شرۆڤە بکەن.

**ئەگەر نارازی بووم لەو خزمەتگوزاریانەی کە NHS پێشکەشی دەکات، چ بکەم؟**

گرنگە کە لە بیرتان هەبێت:

- ئەوە مافی ئێوەیە کە کاتی لەبەردەستدابوونی چاودێریی تەندروستی چارەسەریی NHS لەگەڵتان بە رێز و حورمەت، ئەوپەڕی رێز لێ گرتن و هەلومەرجی بەرابەر لەگەڵ دیتران هەڵسوکەوت بکرێت.
- لەبەردەستدابوونی زمانوەرگێڕ لە چاوپێکەوتنەکانی NHS بەشێک لە مافی ئێوەیە. ئەگەر وەرگێڕێکی پیاو یان ژن بە چاکتر دەزانن، دەتوانن ئەم داواکاریە پێشکەش بکەن. ئەگەر لە کەسێ کە کاری وەرگێرانتان بۆ دەکات رازی نین، دەبێت دەستبەجێ یەکێ لە کارگێرانی NHS ئاگادار بکەنەوە. بۆ نموونە، ئەگەر بۆخۆتان وەرگێڕەکە دەناسن و ناتوانن زانیاریی تاکەکەسی خۆتان بە رەحەتی لەگەڵیان بهێننە ئاراوە یان وەرگێڕەکە بە زاراوەی ئێوە جۆرێ قسە ناکات کە لە قسەی تێبگەن و لە قسەی خۆتان تێبگەین، دەبێت یەکێک لە کارگێرانی NHS ئاگادار بکەنەوە.
- یەکێک تر لە مافەکانی ئێوە ئەوەیە کە دەتوانن داوا بکەن کە پزیشکەکەتان بگۆڕدرێت بە یەکێکی تر لە پزیشکەکانی نووسینگە. بۆ نموونە، ئەگەر ئێوە وەکو ژنێک بە چاکتر دەزانن پزیشکەکەتان ژن بێت، دەتوانن ئەم داواکاریە پێشکەش بکەن. ئەگەر بکرێت، دەبێت داواکاریەکەتان دابین بکرێت.

ئەگەر لە خزمەتگوزاریەکانی پێشکەشکراو لەلایەن NHS ەوە رازی نین یان لەسەر ئەو باوەڕەن کە خزمەتگوزاریی لاواز یان ناتەواویان لەلایەن هەر کەسێ کە بۆ NHS کار دەکات، وەرگرتووە، مافی پێشکەشکردنی سکاڵا بۆ ئێوە لەبەرچاو گیراوە. گەڵاڵەکردنی سکاڵایەک لەسەر بارودۆخی کۆچبەریی یان داواکاریی پەنابەریەتی ئێوە کاریگەری **نابێت**.

بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زۆرتر لەسەر گەڵاڵەکردنی سکاڵایەک، دەبێت لەگەڵ خزمەتگوزاریی راوێژکاریی خۆجێیی یان کەرتی لێکدانەوەی سکاڵاکانی NHS لە رێگای ژمارەی 0141 201 4500 یان ئیمەیلی complaints@ggc.scot.nhs.uk پەیوەندی بکەن. هەروەها، زنجیرەیەک پۆستەری شین لە ژێر سەردێری "بیروڕاکان، پەرۆشەکان و سکاڵاکان" لە شوێنەکانی سەر بە NHS پیشان دەدرێن کە زانیاریی زۆرتر لەسەر گەڵاڵەکردنی سکالایەک پێشکەشتان دەکەن.

Scottish Refugee Council, 5 Cadogan Square, (170 Blythswood Court), Glasgow G2 7PH Tel: 0141 248 9799, Fax: 0141 243 2499,
www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council is a charity registered in Scotland.
Registered Charity: SC008639